# کوشتنی دوعا و شەڕی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بەکر ئەحمەد
baker.ahmed@comhem.se

دوعا لوتکەی ئەو دۆزەخە قاندراوەی کۆمەڵگای ئێمەیە کە بۆ ژنان سازدراوە. لە کەیسی کوشتنی تاوانەکانی شەرەفدا, زۆربەمان دەستمان ناگاتە وێنەکانی قوربانی و جەللاد. دوعا , زەبروزەنگی بەکارهاتووی بەرانبەر ژنان لە ڕوبەرێکی تایبەتییەوە دەگوێزێتەوە بۆ پانتاییەکی گشتی. ئەمە گرنگترین ئاڵوگۆڕێکە کە پرسیاری زەبروزەنگی بەکارهاتووی بەرانبەر ژنان بە خۆیەوە دەبینێت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا.

لە دۆخی کوشتنی دوعاکانی دیکەدا کە لە کونجی ماڵ و لاچە پەکێك و کەناری شارێکدا ڕوودەدات, بۆ زۆربەی ئەوانەی کە بۆ دوعای بەحزانی گریان, زەبروزەنگ و تاوانیش خەسڵەتێکی فەردییانەی وەردەگرت کە تایبەتە بە قوربانی و کەسی تاوانبارەوە. دوعای بەحزانی, زەبروزەنگی سەر ژنانی لەم چوارچێوە تایبەتییەوە دەرهێنا و کردییە موڵکی گشت.

بە واتایەکی دی, ئەگەر کوشتنی دوعاکانی دیکەی کە ڕۆژانە هەواڵەکانییان لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەخوێنینەوە, توانای بەهرەمەندبوونی لەم چوارچێوە کۆمەلایەتییەدا هەبوایە کە دوعای بەحزانی هەیەتی, پرسیاری یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەئاستێکی دیکەدا دەبوو. سوپاس بۆ کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی کوردستان کە توانی پرسیارێکی ناو کۆمەڵگای کوردستان کە مێدیا و دەسەلات دەیوسیت بێدەنگەی لێبکات و وەك مەرگێکی دیکەی کوشتنیی ژنان نیشانیبات, بکاتە پرسیارێکی چارەنووسساز و چاوەکانی کۆمەڵگای ناوەوەش بکاتەوە.
بەڵام ئەم جارەیان ئازاری زەبروزەنگی بەکارهاتوو بۆ سەر جەستەی دوعا هێند گەورەیە, کە سنوورەکانی نێوان ( تایبەت و گشت ) ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا دێت و چارەنووسی دوعا, پەیوەست دەبێتەوە بە چارەنووسی پرسیاری یەکسانییەوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەمە گرنگترین دەرسەکانی دوای بەردبارانکردنی دوعایە بۆ کۆمەڵگا. ئەویش ئەوەیە کە زەبروزەنگی بەکارهاتوو لەبەرانبەر ژناندا, تەنانەت لە تایبەتیترین کەیسی ئەو دیو دەرگا داخراوەکانی ماڵاندا, پرسیارێکی فەردی نییە و کۆمەڵگا لێی بەرپرسیارە.

بەڵام دەسەڵات و بەشێك لە قەڵەمەکانی پێماندەڵێن:" هەلومەرجەکە ناسکە, دوعا لەوە گەورەتر مەکەنەوە". بۆیەش کێشەی ماددەی 140 و هەڕەشەکانی ئیسلامی سیاسی دەکەنە دژەپروپاگەندەی ئەو شەپۆلە گەورەیەی کۆمەڵگای کوردستان لە بەرانبەر کوشتنی دوعادا خوڵقاندوویەتی. بە کورتییەکەی: دیسانەوە قەوانی پیلانێکی ئامادە دژی گەلی کورد بەرێوەیە بە جۆرێکی دیکە دەوترێتەوە. با کەیسی مەترسییەکانی سەر ماددەی 140سەرنج بدەین و دواتریش هەڕەشەکانی ئیسلامی سیاسی.

با کوشتنی دوعا هێند گەورەنەکرێتەوە کاتێك ئێمە سەروکارمان لەگەڵ پراکتیزەکردنی ماددەی 140دایە. بە کورتییەکەی هێشتاکە خاکمان بەلاوە گرنگترە لە ئینسانەکانی سەر خاك. بەڵام کیشە و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە 15ساڵ لە تاقیکردنەوەی "لەسەر خاکی خۆ ژیان" و سەرکوتکردنی مافی ژیانێکی ئینسانیترییان, بە زەقی دەدوێت. بە کورتییەکەی, کەیسی دوعا پێماندەڵێت, کۆمەڵگای کوردستان لەمە زیاتر ناتوانێت پرسیاری ژیانی ئینسان و مافەکانیان بە قەرز بدات بە مانەوەی گەلی کورد. ناکرێت بە ناوی ڕزگارنەبوونی ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە , ئاوشویتسی ژنان کە پەرەمێز تاکە تاوانبارییەتی بە پێی مێدیای ڕەسمی و ناڕەسمی, درێژە بە ژیانی خۆی بدات.

بەڵام بۆ دەبێ چاو لە کەیسی دوعا بپۆشین کاتێك دەسەڵات بە چەکدارەکانی خۆیەوە پرۆسەی کەرامەتشکاندنی یەزیدییەکان ئەنجامەدا ت و پرسەی دوورکەوتنەوەی ئەوان لە ئینتیما بۆ کوردبوونی خۆییان بە جێگایەکی تر دەگەیێنێت. دەسەڵاتی کوردی بە گشتی و پارتی بە تایبەتی, لە کردەوەی پەلاماردانەکانی سەر شێخانی چەند هەفتەی ڕابردوودا, ڕێز لە خۆی ناگرێت و ئەمڕۆش دەیەوێت لە بەردبارانی دوعادا کەبە بەرچاو و گوێچکەی خۆیەوە ئەنجامدراوە, ئاشقانی یەکسانیخوازی کۆمەڵگای کوردستان بەم بەڵگە بێمانایانە ساردکاتەوە. بەڵام ئەم مەلەفە چۆن بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی کوردستان کراوەیە و لە ڕێگای مەرگی دوعاوە دەیەوێت کۆمەڵگا , مامەڵەیەکی ئینسانی بە نیوەی ئەندامەکانییەوە بکات و دەسەڵات کۆتایی بەم دۆزەخەی ژنان بێنێت, هەر ئاواش بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد دەیەوێت ڕووی دڵڕەق و دزێوی خۆی بۆ جیهان بشارێتە وە و سیاسەتەکانی خۆی درێژە پێبدات.

هاوکات ئەکتەرێکی دیکە هەیە کە لە چیرۆکی موسوڵمانبوونی دوعا و پاشان کوشتنی ئەودا لەسەر ئەم شەهادەتە, دەیەوێت کەڵك لە ڕووداوەکان وەربگرێت. ئەم بزووتنەوەیە بەرلەوەی لە کەیسی دیفاعی بزووتنەوەی یەکسانیخوازییەوە قسەی کردبێت, لەو شوێنەوە دەستپێدەکات بۆ خۆی گرنگە. ئەم چیرۆکە ڕاست بێت یان هەڵە, یەك زەڕە لە جموجوڵەکانی ئەم بزووتنەوەیە کەمناکاتەوە. کاتێك زمانی ئەم بزووتنەوەیە کوشتن و سەربڕینە, ئەوە لە کەیسی دوعاوە نییە ئەم پەیامەی ڕاگەیاندبێت. چونکە لە خوار سنوورەکانی شارەکانی کوردستانەوە, راوی عەلی و عومەری خۆی دەکات.

کەیسی دوعا, کەیسێکە کە ئایین تانوپۆی چنیوە و ناسیونالیزم بەرگی لەبەرکردووە. ناسیونالیزمی کورد لە بێدەنگی هەڵبژاردنیدا لەبەرانبەر بەردبارانی ئەم کیژۆڵەیەدا, بە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیەتی و ئیسلامی سیاسیش لە ڕێگای کەیسی دوعاوە دەیەوێت ڕوخساری فاشیزمانەی خۆی هێندە نیشان کۆمەڵگا بدات. بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی کوردستان لەم نێوەدا, دەبێ قۆناغی شیوەن و فوغانی دوای مەرگی دۆعا جێبێڵێت و لەم گەمە پیسەی ئەم بزووتنەوانەی تردا, پرسیاری عەدالەتی کۆمەلایەتی و حورمەتی ئینسانی و یەکسانی ئینسانەکان بەرزرابگرێت.